## روونکردنەوەیەک:

زیاتر بەر  لە دوو مانگ، کاک دانا رزگار، وەک رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی "زەنگ"، لە پێناو گفتوگۆ کردن لەسەر دادگایی کردنی ئەو جاش و تاوانبارانەی کە ئەمرۆ لە حوکمەتەکەی ئەو دوو حیزبەوە بالادەستن، چەند پرسیارێکی بۆ ناردم، منیش، لەبەر گرینگی بابەتەکە، هەر زوو وەلامەکانی خۆم بۆ ناردەوە. بەلام، وەک دەزانین، سەددام لە سێدارە درا و  خەریکیشە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە رەوشی عێراق و پلانی ئەمریکا روو بدات، کەچی هێشتا ئەو گفتوگۆیەی ئێمە لە زەنگ بلاونەکراوەتەوە. هەر بۆیە مرۆ ناچارە بپرسێ: ئەگەر رۆژنامەی کوردی دوای دوو مانگ دەرفەتی نەبێ، یان لەبەر هەر گۆیەک بێ گفتوگۆیەک لەسەر دادگایی کردنی ئەو جاش و خۆفرۆشانە بلاو بکاتەوە، داخۆ دەبێ خودی دادگایی کردنەکەی ئەمانە چەند بخایەنێ؟

هەر چۆنێک بێ، ئەم دەقەی خوارەوە، کالەی ئەو گفتوگۆیەیە کە لەمەڕ ئەو تەوەرە ئەنجاممانداوە.

سلاو بۆ تۆی بەڕێز،
من دانا ڕزگارم تەوەرێکم هەیە بۆ ڕۆژنامەی زەنگ ، ئەم تەوەرەش
خۆی لەم چەند پرسیارەدا دەبینێتەوە ، ئەگەر بەڕێزتان بەشداری
لەم تەوەرەدا دەکەن و وەلامی دەدەنەوە سوپاستان دەکەین.

**1- بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادگاییەکی تایبەت دانانێت بۆ جاشەکان و تاوانبارانی کورد لەپرۆسەی ئە نفالدا؟**

**هەندرێن:** لە پێشڕا گەرەکە ئاماژە بەوە بکەم، کە دەکرێ لە روانگەگەلی جوداوە ئەو پرسیارە راڤە بکەین، چونکە لە لایەکەوە، ئەوە پانزە سال زیاترە کە  کوردستان بە دەست دەسەلاتی حیزبی کوردییەوەیە، کەچی هەتا ئەمرۆش ئەو دوو زلحیزبە راشکاوانە بە خالکیان نەوتووە کە هۆکەیەکەی چییە ئەوان، نەک هەر ئەو جاش و تاوانبارە کوردانەیان دادگایی نەکردووە، بەلکو بۆچی وەک جاران لەو بەناو حوکمەتی کوردییەدا پۆست و پایەی بالایان بەو جاشانە بەخشیووە و رێزیشیان لە بەشێکی زۆری خەلکی "خەباتکار" زیاترە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ئەو حوکمەتە کوردییە بە خۆی دادگاییکردنی ئەو جاش و تاوانبارانەی، کە بۆ تۆ و بەشیکی زۆری کورد مایەی پرسیار و نیگەرانییە، بەلایەوە بەرپرسیارییەکی نەتەوایەتی نەبێ، ئەی چۆن خەلک متمانەی بەو حوکمەتە داوە؟ دواجاریش، باشە بۆ هەتا ئەمرۆ، کە داداگیکردنی سەددام و پێڕەکەی دەستی پێنەکردبوو، خەلکان لەو خەوە قوولە بێدار نەبوونەوە؟ ئەو پرسگەلە زەینم سەرقال دەکا، کە دەبینم ئەمرۆ ئەو پرسیارە بۆتە خەمی  بەشێک لە کۆڕ و کۆمەلی کوردی. کەواتە خود ئەو پرسیارە، بە خودی ئەو پێکهاتە لێکناکۆک و رەوانبێژییە کوردییە لەرزۆکەوە گرێدراوە، کە قەتیسمانی ئەو پێکهاتە لە ئاستی سیاسیی و ئێتیکی کوردیدا لە مەتەل دەچێ.

هەرچۆنێک بێت، لێرەدا حەز دەکەم تەنیا ئەوە بلێم، کە رەنگە حوکمەتی کوردی لەبەر دوو هۆکردی سەرەکی ئەو کارە نەکا: یەکەمیان وەک دەزانین لە ئاستی دیپلۆماسییەوە بیانۆی ئەو حوکمەتە ئەوەیە، کە لە دوای راپەڕین "بەرەی کوردستانی"، بە هۆی هاوکارییکردنی بەشێک لەو جاش و تاوانبارانە لە خەلکی راپەڕیوی کوردی کوردستان لە 1991 و دواجاریش ئەخلاقی سیاسیی  "ئەوەی چوو چوو" بە کۆی رازمەندی حیزبە کوردییەکانی سەر بەو بەرە نابراوە، لە

تاوەنەکانی ئەوان خۆشبوون، کە لە پاڵ رژێمی سەددامی روخاودا دەرهەق بە خەڵکی کوردیان کردبوو. دووەمیشیان لە کاتی شەڕی خۆکوژیی نێوان ئەم دوو حیزبەوە، کە هەر یەکێک لەمانە دەیانویست یەکتر قڕ بکەن، بۆیە پێویستیان بە شەڕکەری باش هەبوو، ئەو جاش و تاوانبارانەش لەبارترین هێز بوون کە ئەو شەڕە پەرە پێبدەن. دیارە ئەمڕۆش زۆرینەی ئەو جاش و تاوانبارانە کۆڵەکەی ئەو دوو زلحیزبە پێکدەهێنن، کە پێی دەڵێن حوکمەتی کوردی. هەموو دەزانین هەر لەکاتی حوکمەتی دیکتاتۆری سەددامەوە، ئەو جاشانە بەسەر ئەو حیزبانەوە دابەش بوو بوون، بۆیە کە سەددام لە کوردستان نەما و شەڕی حیزبی کوردی دەستیی پێکرد، هەر ئەو جاشانە سەرەکیترین رۆڵیان هەبوو لە تەشەنەکردنی ئاگری ئەو شەڕە وێرانکارە. هەروەک ئێستاش باشترین سەرچاوەی گەندەڵاندنی کۆمەڵگای کوردستانن.

هاوکاتیش دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین، کە ئەمڕۆ ئەو جاشانە بە لای ئەو دوو زلحیزب و بچووکانەوە زۆر گرنگن، چونکە کۆمەڵگای کوردی بریتییە لە کۆمەڵگایەکی وابەستەی خێڵ و دەستەگەرایی. ئەو حیزبانە، وەک وابەستەیەک بەو پێکهاتەوە، لە کاتی هەڵبژاردن و هێز لە خۆ کۆکردنەوە، پێویستیان بەو جاشانە هەیە، کە مێگەلێک لە خەڵکی وابەستەیان هەیە. کەواتە دادگاییکردنی ئەوانە دەبێتە دوور کەوتنەوەی بەشێک لەو خێڵ و دەستەگەراییەی کە هێزێکی کارایە لە کۆمەڵگای کوردییدا. کەواتە حوکمەتێک یان دوو حیزب، کە خۆیان سەرچاوەی ئەو جاشەگەراییەن لە کوردستاندا، چۆن داوایان لێ بکەین بەشێکی سەرەکی پێکهاتەکەیان داداگایی بکەن؟!

وێڕای ئەمەش، لەو دۆخەی کە کوردستان و عێراق بگرە جیهانیش بەخۆیەوە دەیبینێ، کە هێزێکی دڕندە هەڕەشە لە ژیانی ئاشتی کۆمەڵگایەکان دەکا، بۆ حوکمەتێکی هەرەشەلێکراو لە رووی دەرەکیی و لە ناوەکیش داهێزراو بە گەندەڵی و تەڵەکبازیی، لە سازش و چاوپۆشین لەو جاشانە چیدی کەی بۆ نەماوەتەوە. دواجاریش بە هۆی ئەو ژیانە بازاڕاێنراوەی کوردستان، ئیدی پێوانەکانی رۆژگاری رابردوو، کە خەباتگێڕیی و کوردایەتی تێدا بە هەرمێن بوو، بەسەر چوون.

لێرەوە ئەو جاش و تاوانبارانەی کە ئێمە، لە پێوانەیەکی نەتەوایەتییەوە، پێمان وایە دەبێ ئەو حوکمەتە دادگاییان بکات، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە، بە بڕوای من، ئەمڕۆ لە کوردستان و لە کن ئەو حیزبانە، یان ئەو حوکمەتەدا، شتێک بەناوی "پێوانەیەکی نەتەوایەتی"، – ئەگەر پێشتریش هەبوو بێ، یان لای بەشێک لە ئەندامەکانیدا ئەو پێوانەیە هەبووبێ – "پێوانەی شۆشرگێڕیی"، یان "جاش" و "پێشمەرگە" نەماوەتەوە. چونکە ئەو مێگەلە بەرپرسیارانەی، کە ئێمە بە جاش و تاوانبار ناودێریان دەکەین، کەچی لای ئەو دوو زلحیزبە و ئەوانی دیکەش، دڵسۆزی حیزب و حیزب پارێزی سەرەکین. لێرەوە ئێمە کاتێک لە دڵەوە دەست و پەنجەمان بە دادگایکردنی ئەو جاش و تاوانبارانە نەرمدەکەینەوە، یان لە ئاراستەیەکین کە تەواو بە پێچەنەوەی رەوتی سیاسەتی ئەو حوکمەتەیە، یانیش لە خەیاڵاندنێکی کوردانەی سافیلکانەدا دەژین.

لەو دیدەوە ئەو حوکمەتە بۆیە ئەو جاش و تاوانبارانە دادگایی ناکا، چونکە ئەوانە خۆیان کۆلەکەگەلێکی بنەڕەتی ئەو ئەو حوکمەتەن. کەواتە ئەگەر حوکمەتێک دوو حیزب پێکهێنەری بێ، کە بەشێکی زۆری ئەو جاشانە باڵادەستی بن، چۆن و کێ دادگاییان بکا؟!

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، کە ئەمڕۆ ئەو جاش و تاوانبارانە نین کە ناوەڕۆکی ئەو حوکمەتە کوردییەیان خەوشدار و گەندەڵ کردووە، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە کە خودی پێکهات و میکانیزمەکانی ئەو حوکمەتە تووشی ئەخلاقییەتی ئەو جاش و تاوانبارانە بووە؛ واتا ئەو

حوکمەتە هەڵگری دەردێکە، کە هەموو ئەو سەرچاوەیەکی شۆڕشگێڕانەی لی ساندۆتەوە، کە دەبوو ناخی ئەو حوکمەتە دادگایی بکا.

**2- بۆچی پاشماوەی ئەنفالەکراوەکان سکاڵا لەسەر جاشەکان تۆمارناکەن؟ ئایا لەبەرژەوەندیاندا نیە سکاڵا بکەن یان ناتوانن سکاڵابکەن؟**

**هەندرێن**: لە دیویکەوە، بەشێک لە کێشەی تۆمار نەکردنی زیندووەکانی دوای ئەنفال، بۆ ئەو خاڵانەی کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکردن، دەگەڕێتەوە. چونکە، وەک من دەیبینم، بە هۆی ئەو ئاکار و رەفتارەی کە ئەو حوکمەتە لە بەرانبەر کێشە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکان نیشانیداوە، ئیدی لە ئەنفال رزگار بووەکانیش ناچار بوونە رێگای فەرمۆشکردن و بیرکردنەوە لە پاراستنی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. وێرای ئەمەش، دوای راپەڕین کۆست کەوتووەکانی بەر ئەنفال بە تایبەتی و گەلی کوردیش بە گشتی بێ بەری بوونە لە هەستی بەرپرسیاریەتی و وەفاداریی. چونکە دەبوو رزگار بووانی بەر ئەنفال هەر لە سەرەتایەکانی راپەینەوە بە ویستێکی گەرمەوە خۆیان لە رێکخراوێکی تۆکمەدا کۆکردباوە، بەمەش بە کۆهێزێک سکلا لەسەر ئەو جاش و هەڵپاسانەی تۆمار بکەن، کە لە تەفروتووناکردنی کەس و کارەکانیاندا بەشداریان کردووە و حوکمەتی کوردیش ناچار بکەن ئەوانە داڵدە نەدات. هاوکاتیش هۆکاری تۆمار نەکردنی سکاڵا لەسەر ئەو جاش و تاوانبارانەی کە ئەمڕۆ لەو ژیان و پایەی ئەوانە لەو حوکمەتە کوردیەدا لە رزگار بووەکانی بەر ئەنفال باشترە. لەوەش زیاتر، ئەو هەڵەپاس و جاشانەی کە لە رۆژگاری سەددام کوردیان دەفرۆشت ، هەروا ئەو بەناو پێشمەرگانەی کە پاڵەوانی شەڕی کوردکوژی بوون،ئەمڕۆ ش هەر ئەوانەن کە بەرهەمی ئەنفالکراوان دەخۆن. ب
بە دیوێکی تریشەوە، دادگایی نەکردنی ئەو جاش و خۆفرۆشانە دەگەڕێتەوە بۆئاستی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی و رۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردی. هەر بۆیە، کە ئەوەی من ئەمڕۆ لە ژێر سایەی ئەو حوکمەتە کوردیەدا دەیبینم، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی هۆشیاری جیهاندا، وەک ئەوەی کە مێگەلیک لە جاش و هەڵەپاسی کوردی، لەگەڵ رژێمێک کە بکوژی نەتەوەیەکی بووە، بەشداری لە کوردکوژی کردووە، کەچی ئێستا لە سایەی حوکمەتێکی بە ناو کوریدا، نەک هەر سزا بدرین، بەڵکو پانتاییەکی فرەی ناخی ئەو حوکمەتە پێبهێنن، ئەوها بێدەنگی بکرابا. ئەمڕۆ هەر بەرپرسگەلیکی لەو جاش و هەڵەپاسابە دەیان هەڵەی ناقۆڵا بەرانبەر ئەنفالکراو، رزگار بووانی بەر ئەنفال و مافی هاووڵاتییان دەکرێ، کەچی نەک هەر کەس داوای لیپێچینەوەیان ناکەن، بەڵکوو دەسەڵاتیان بەرزتر دەکرێتەوە.
وێرای ئەمەش، من پیم وایە، ئەمڕۆ لەو دۆخە ئاڵۆزەی کوردستاندا، کە خەڵکان بە گشتی و رزگار بووانی بەر ئەنفالەکانیش بە تایبەتی بە دەست کێشەی نیشتەجێ بوون، نادادپەروەریی، بژێوی ژیان و... هتد دەتلێنەوە، بۆیە دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەرەخساوە کە بیرژێنە سەر ئەرکێکی وا سەخت. چونکە نە ئەو حوکمەتە نە ئەو زەمنیەی ئاگاییەی بۆ ئەو خەڵکە کۆست کەوتووانە رەخساندووە و نە ئەو رێکخرا و کۆڕ و کۆمەڵانەش، کە زارقەڵەباڵغ و بێکردەن، لە خەمی ئەوەدا بوونە هانی ئەوانە بدەن بە مافی خۆیان هەستن، کە سکاڵا لەسەر ئەو سەرۆک جاش و هەڵەپاسانە تۆمار بکەن کە بەشداربوونە لە قرکردنی بنەماڵەکانیان.
لەوەش زیاتر، لە کوردستاندا تاکوو ئێستاش قانوون و دادگایەکان لە دیکۆر و شوێنێک بۆ گەندەڵی زیاتر هیچی تر نەبوونە، بۆیە رزگاربووانی بەر ئەنفال، لە ترسی دەسەڵاتی ئەو

جاشه کوردکوژانەوە لە خۆیان ڕانەدیتووە بەو کارە هەستن. بە بڕوای من، دیاردەی ئیفلیجی سیستەمی دادپەروەریی و چەکداری خەڵکانێکی زۆر و خودی بەشیکی زۆری ئەو جاشانە لە سێبەری پارتی و یەکیتیدا؛ واتا کارایی پێکهاتەی جاش ئامێزی ئەو حیزب و حوکمەتە ڕێگرێکی سەرەکی بووە لەبەردەم تۆمار نەکردنی سکاڵا لە لایەن قوربانییەکانی ئەنفالەوە. چونکە کاتێک کۆمەڵگا هەستی کرد کە دادگا لە لایەن حیزبەوە داگیرکراوە و سیستەمی دادپەوەریی و ئاسیشی خەڵک لە گۆڕێدا نییە، ئیدی کۆی ئەو کۆمەڵگایە لە ئەرک و مافەکانییدا بێ بەری دەبن.  لە کۆتاییدا ڕەنگە گرنگ بێ ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەمڕۆ دیاردەی بەرژەوەندی ماددی بۆتە پەتایەکی ترسناک، لەبۆیە ڕەنگە ئەو حوکمەتە لە ڕێگای قەرەبۆکردنەوەی ماددییەوە ئەو خەڵکەی تووشی ئەو خەمساردییە کردبێ، کە بیر تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو توانبارانە بە ئەرکی خۆیان نەزانن. دواجاریش کە بەرپرسیاریی نەتەوایەتی لە ئاوابووندا بێ؛ ویژدانی چاکە و خراپە بوو بە یەک... ئیتر مێژوو و یادەوەریی کۆمەڵ دەبێتە گاڵتەجاڕیی.  ئەمڕۆش ئەو دەردە کوشندەیە بۆتە ئەخلاقێکی باڵادەست و ڕەواکارانە لە کن خودی ئەو حوکمەتە کوردییەی، کە بە تەماین ئەو جاش و هەڵەپاسانە، کە کۆڵەکەی دەسەڵاتەکەیەتی، دادگایی بکا!

www.dengekan.com
www.zengkurd.com
www.lawiazad.jeeran.com